Research Center

# هەوڵەکانی بنیاتنانەوەی متمانە لە داڤۆسەوە تا عێراق

15-01-2024

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە دوای سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیاریداوە بەشێک لە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت. بە ئەگەری زۆر، پرسی بودجە لە نێوان هەولێر وبەغدا، بە تایبەت لەو دۆخە پڕلە قەیرانەدا هەر دەمێنێتەوە، بەڵام چەند هۆکارێک هەن بۆ ئەوەی کە لەم کاتاندا لانیکەم باسەکانی چارەسەرێکی ماماوەندی بێنە گۆڕێ.

سەردانەکەی ڕۆژانی ڕابردووی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بەغدا لە کاتێکی هەستاکدا بوو. شەڕ و ململانێی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە، ئاستی گرژییەکانی لە عێراق وهەرێمی کوردستانیش زیاتر کردووە. هێرشی گرووپە چەکدارییەکان و پرسی مانەوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، لەم ڕۆژانەدا بابەتی گەرمی سیاسەت و میدیایە. خواستی بەشێک لە شیعەکانی عێراقیش بۆ ئاڕاستەکردنی سیاسەتی نێوخۆیی بەتایبەتی لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان- 2023 گۆڕێکی زیاتری گرتووە. ئەگەری پێکدادانی نێوخۆیی هێزە چەکدارەکان لە باشووری عێراق و بەغدا و ئێستاش دەست شکاندنەوەی مالکی - حەلبووسی بە تایبەت لەسەر پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و بە ئەگەری زۆر لە پشتی پەردەشەوە، لەسەر پۆستە ئیدارییەکانی ئەنبار و بەغدا ڕۆژەڤێکی گەرمە. قەیرانە چەندسەرە ئابووری، ئەمنی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش بەردەوامن. بۆیە ئاڵێرەدا، هێشتەوەی دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆی بەردەوام، لەم کاتانەی ئێستای قەیراندا ڕێکارێکی گرنگە بۆئەوەی کە ڕێگا لە ئاڵۆزی زیاتر بگیرێت.

دیداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەریەک لە سەرکردەکانی شیعە و دواتریش ئەلینا ڕۆمانۆڤسکی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ئەویش لە کاتێکدا کە بەشێک لە پەرلەمانتارەکانی شیعە لە دەرچەی یاسایی و سیاسی بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا دەگەڕێن، خاڵێکی گرنگ بوو. لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا ئەمریکا دووجار، یەکیان لە 2003 و ئەوی دیکەشیان لە 2014، ئەوکاتەی کە داعش تەنیا 24کیلۆمەتری مابوو بگاتە بەغدا، بەکەڵکی کورد و شیعە هات. ئەوە ڕاستە کە بەرژەوەندی وڵاتان تەنیا بە ڕووداوە مێژووییەکان ناپێورێت، بەڵام ئەوەش ڕاستییەکە کە هەبوونی چەتری ئەمنی ئەمریکا هەم بۆ شەڕی دژی تیرۆر، هەم بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوخۆیی و ناوچەیی، بابەتێکی حاشاهەڵنەگرە کە هێشتا بۆ کورد و بۆ شیعە و بۆ هەموو عێراقیش پڕبایەخە. لەم بابەتەدا هەرێمی کوردستان دەتوانێت خاڵی دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندی بێت لە نێوان خواستی چوارچێوەی هاوئاهەنگی، ئەمریکا ولایەنەکانی دیکەش.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە دوای سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بڕیاریداوە بەشێک لە بودجەی هەرێمی کوردستان بنێرێت. بە ئەگەری زۆر، پرسی بودجە لە نێوان هەولێر وبەغدا، بە تایبەت لەو دۆخە پڕلە قەیرانەدا هەر دەمێنێتەوە، بەڵام چەند هۆکارێک هەن بۆ ئەوەی کە لەم کاتانەدا لانیکەم باسەکانی چارەسەرێکی مامناوەندی بێنە گۆڕێ. یەکەمیان وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسی کرد، ئەنجامی هاوبەشی گفتوگۆکانی خۆی وهەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە و دەشێ پەیوەندییەکان کاریگەرییان هەبووبێت، بەڵام خاڵی دووەم لەوانەیە پەیوەندی بە گرژییەکانی نێوان حەلبووسی- مالکی و پرسەکانی دیاریکردنی سەرۆکی پەرلەمان، پۆستەکانی ئەنبار و بەغداوە هەبێت.

گرژییەکی هاوکات لەگەڵ کوردو سوننە، لە قازانجی مالکی وگرووپەکانی یاوەریدا نابێت. خاڵی سێیەم پەیوەندی بە دۆخی گشتی ناوچەکە و گوشارە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانی سەر کوردەوە هەیە. ئەو گرووپانەی کە خۆیان وەک "موقاوەمەی ئیسلامی" ناودەبەن، هەرێمی کوردستان وەک هاوپەیمانیکی ئەمریکا تەماشا دەکەن و، لەبەرئەوەش، تا بۆیان کرابێت گوشاریان لەسەر داناوە. لە ماوەی زیاتر لە یەک مانگی ڕابردوودا، هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل لە دژی سەرکردەکانی ئەو گرووپانە لە سووریا، لوبنان و بەغدا زیادی کردووە و لەو ماوەیەدا لانیکەم چوار سەرکردە و فەرماندەی گرنگیان کوژراوە. لەگەڵ ئەوانەشدا هاوپەیمانی دژی حوسییەکان لە دەریای سوور هێرشەکانی بۆ سەر حوسییەکان دەستپێکردو بەوەش" بەرەی موقاوەمە" لە ملی ڕۆژئاوای خۆیەوە گرفتێکی ئەمنی و سەربازی گەورەی تووش بووە. هاوکات لە گەڵ ئەوانەشدا تەقینەوەکەی کرمان ڕوویدا کە دەیان کیلۆمەتر لە عێراق و لە ئەفغانستانەوە دوورە. هەرچەند بە ڕەسمی داعش بەرپرسیاری ڕووداوەکەی لە ئەستۆگرتووە، بەڵام لە ئێران دوو دیدگای گرنگ لەسەر ئەمە هەیە: یەکیان دەست بۆ ئیسرائیل دەبات ئەوی دیکەشیان ئاماژە بۆ ئاسانکاریی تالیبان دەکات بۆ ئەو کردەوەیەی داعش. هەرجۆرێک بێت، هاوڕاییەک هەیە لەسەرئەوەی کە پەیامێکی سیاسی لە پشت ڕووداوەکەیە و، ئەویش ئەوەیە کە لەوانەیە لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە ئەو وڵاتە نائارام بکرێت. بۆیە لەکاتێکدا کە بەرەی موقاوەمە لە ملی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە گرفتی هەیە، و کێشەی لەگەڵ ئەمریکا لە عێراق زیاتر بووە، ڕەنگە کەمکردنەوەی ئاستی گرژییەکان لەگەڵ کورد لەم قۆناخەدا بە باشتر بزانێت. هەڵبەت ئەمە جێگیر نییە و دەشێ بەهۆی بەرەوپێشچوونەکانی شەڕ لە ناچەکە گۆڕانی بەسەردا بێت.

ئاڵۆزی، گرفت وناڕوونییەکان تەنیا نین بە عێراق، بەڵکو ئەوە بەشێکە لە دیمەنی ئێستای هەموو دنیا. لە تایوانەوە بگرە هەتا بەحری سوور، لە غەزەوە تا ئۆکراینا یان شەڕ هەیە یان سێبەری شەڕ. بە ئەگەری زۆر ئەمە تا چەند ساڵێکی دیکەش بەردەوام دەبێت. بۆیە لەو گرژیی و ئالۆزییەی جیهان و ناوچەکەشدا، هێشتنەوەی دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ یار و نەیار، بایەخێکی ئێکجار زۆری هەیە. ئەمڕۆ کۆڕبەندی ئابووری جیهانیش لە داڤۆس، بە ناونیشانی "گێڕانەوەی متمانە" دەستپێکرد و لە19یەمین ڕاپۆرتی خۆیدا زیاترلە 30 جۆر مەترسی کورتخایەنی بۆ 2 ساڵی داهاتووی جیهان باسکردووە کە زۆرێک لە بابەتەکانی ریزی پێشەوەی لە عێراقدا هەن. ئەوانیش لە تۆخبوونەوەی جەمسەربەندییە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان، چەواشەکاری و شەڕەوە بگرە، هەتا گۆڕانی کەشوهەوا گەلێک بابەتی جیاوازیان تێدایە. داڤۆس لە داوای 2021وە کە ناونیشانە سەرەکییەکەی "پشووە گەورەکە"[1] بوو، هەموو ساڵێک بە دەوری بابەتەکانی گێڕانەوەی متمانە و هاوکاری دا سووڕاوەتەوە. ساڵی 2022، هاوکاری و بنیاتنانەوەی متمانە ، 2023ش هاوکاری لە جیهانێکی پەرتەوازەی وەک ناونیشان دانابوو. هەڵبەت دنیا لە قۆناخی کێشمەکێشێکی گەورەدایە و ئەوەی بەکەمی دەست دەکەوێت، متمانە و هاوکارییە.

عێراقیش کۆپییەکی رەنگاوڕەنگی ئەو دیمەنەی دنیای لایە و لەو هەلومەرجەشدا، گەڕان بۆ هاوکاری و گێڕانەوەی متمانە کارێکی ئاسان نییە بەڵام گەلێک پڕبایەخە.

The Great Reset- [1]